ڕۆژنامە و ڕای گشتی



محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

٢٠٠٥

13518

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

- ناوی کتێب: رۆژنامەو رای گشتیی
- بابەت: توێژینەوە
- نووسینی: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری
- ژمارەی سپاردن: ٤٣٧
- پیتچنی وهەڵەچن: نووسەر
- نەخشەسازیی: نووسینگەی دارا بۆ کۆمپیوتەر
- سەرپەرشتیاری چاپ: نەوزاد احمد حسن
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بەشی پێگەیاندن

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەڕۆک

بەرایی..... ٥
ئەم بابەتە بۆچی؟..... ١٣

بەشی یەکەم

چەمکی رای گشتیی..... ١٦
چەشنەکانی رای گشتیی..... ٢٠
سەرهەڵدانی رای گشتیی..... ٢٦
دروستبوونی رای گشتیی..... ٢٨
هۆکارەکانی پێکهێنانی رای گشتیی..... ٣٤
رای گشتیی و جەماوەر..... ٣٨
تایبەتمەندیەکانی رای گشتیی..... ٣٩
پێوانەی رای گشتیی..... ٤٢
گۆڕانکاریی رای گشتیی..... ٤٤
رای گشتیی لە کۆمەڵگەی مەدەنیی هاوچەرخدا..... ٤٨

بەشی دووەم

راگەیاندن و رای گشتیی..... ٥٤
جۆرەکانی راگەیاندن..... ٥٨
ئەرکەکانی راگەیاندن..... ٥٩
شێواندنی راگەیاندن..... ٦٢
رای گشتیی لە کوردستان..... ٦٣

بەشی سێیەم

رۆژنامە..... ٦٦
رۆژنامەو رای گشتیی..... ٦٩
ئەرکی رۆژنامەگەریی بەرانبەر رای گشتیی..... ٧٣
کاریگەری رۆژنامە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا..... ٧٤
رۆژنامەگەریی و دەسەڵاتی چوارەم..... ٧٩
پوختەی کاری مەیدانی توێژینەوەکە..... ٨١
دەرەنجام..... ٨٥
پەراوێزو سەرچاوەکان..... ٨٧

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بەرایی

رۆژێک لەنێو سەرقاڵی کارو پێشوازی ئەو بەڕێزانەی سەردانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و رۆشنبیری (پارتی دیموکراتی کوردستان) یان دەکرد لە شاری (هەولێر)ی ئازیز، کە چەندین کەسیان بۆ بەسەرکردنەوەو دیدارو بیروڕا گۆڕینەوە هاتبوون، هەندێکی تریشیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارو داواو داخوازییەکانیان لە خزمەتیاندا بووم، ئا لەو ساتەوەختو چرکانەدا زەنگی تەلەفونی ژووری کارکردنم لێیدا کە دیار بوو لە پرسگەی مەکتەبەوە داوایان دەکردم، منیش وڵاممدانەوەو پێیانوتم کە برای راگەیاندنکار کاک (محەمەد عەبدوڵڵا)یە، منیش پێموتن با بفەرموێت، کە هاتەلام بێ پێشەکی و بە ئەسپایی و لەسەرخۆ پێی وتم: مامۆستا من قوتابییەکی دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر (بەشی راگەیاندن)م، دەمەوێت توێژینەوەی دەرچوونی خۆم بەناونیشانی (رۆژنامەو رای گشتیی) چاپ بکەم و بیکەمە نامیلکەیەک، سەرپەرشتیارو چاودێری توێژینەوەکەشم بەڕێز (د. شێرزاد نەجارِ)ە. دیارە ئەم وتانەشی لە دووتوێی نامەیەکدا بۆ نووسیبووم و پێشکەشیکردم، وێرای سوپاسگوزاریی پێی راگەیاندم کە منی دەستنیشان کردووە بۆئەوەی پێشەکییەک بنووسم بۆ نامیلکەکە، منیش بەوپەڕی دڵگەرمیی و

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

خۆشییەوە پێمگوت: لە خزمەتدام، بەڵام پێم باشە تۆبژێنەوەکەتان بە وردی بخوێنمەوەو پاشان ئەوەی بەرێزتان داوای دەکەن من لە خزمەتدام. ئەوەبوو کاک (محەمەد عەبدوڵڵا)ی راگەیاندنکار کۆپییەکی تۆبژێنەوەکەی خۆی پاش (٣) رۆژ بۆ هێنام و منیش پاش خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی پیشەیی، ئەم (بەرایی)ەم بۆ نووسی کە ئومێدم وایە سوودبەخش بێت و جێگای رەزامەندی خوێنەرانی ئەم نامیلکەیەو کاک محەمەدو مامۆستای بەڕێز د.شێرزاد نەجارِ بێت کە سەرپەرشتیاری تۆبژێنەوەکەیە.

دیارە خاوەن و نووسەری ئەم تۆبژێنەوەیەی لەبەردەستماندایە بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی قوتابییەکی زیرەک و بەتەنگەوەهاتووی بواریکی گرنگی ئەو زانستەیە کە پێی دەوترێت زانستی زانستەکان کە ئەویش زانستی راگەیاندن، یاوەکو (میدیا)یە، هەروەها ئەم نامیلکەیە بەسەرپەرشتی و چاودێری مامۆستایەکی هێژاو خاوەن ئەزمون و بەتوانایە کە رەنگە پێداچوونەوەی (بەندە) بەکارو بەرهەم و بیروبۆچوونەکانی بەڕێزباندا زۆر ئەرکم سەخت و گرانتر بکات، بەڵام بە داوای لێبوردنەوە لە جەنابی د.شێرزاد منیش وەک کەسێکی خاوەن (٣٠) ساڵ لە خوێندن و پراکتیکەکردن لە بوارەکانی راگەیاندن و هونەردا، بەوپەڕی تەوازووعەوە وێڕای دەستخۆشی لە ئامادەکاری ئەم تۆبژێنەوەیەو مامۆستا سەرپەرشتیارەکەی، ئەم (بەراییە) بنووسم کە بریتی دەبێت لە پێناسەو

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

شرۆڤەکردنی (رۆژنامەو رای گشتیی) لەگەڵ سەرنج و تێبینی و بۆچوونەکانم لەمەڕ ئەم باس و توێژینەوەیە.

رای گشتیی، بەوپەڕی سادەو ساکاری مانای گردبوونەوەو کۆکردنەوەی رای هەمو ئەو تاکانەیە لەناو کۆمەڵگادا، یەکدەگرنەوە لەمەڕ هزرێک یا کێشەو قەیران و تەنگژەیەک یاخود دیاردەو سەرهەڵدان و هاتنە پێشەوەی ڕەوشێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، بازرگانیی، سەربازیی، سیخوڕیی، زانستیی، تەندروستیی، یا هەر گۆڕانکاری و رووداوێکی ناکاو سەرنجڕاکێش کە مقۆمقۆو دەنگۆی لێبەرزبێتەوەو واتەوات دێنێتە کایەوەو، دەبێتە شوێنی گفتوگۆو دیالۆگ لەناو کۆمەڵێک لە کۆمەڵگا یا گرووپ و چەند تاکێکدا کە پاشتر بە شێوازێک یا میتۆدێک لە میتۆدەکانی بڵاوکردنەوەو یا دەماوەدەم تەشەنە دەکات و، دەگاتە هەموو کۆمەڵگاو چوارلای وڵاتێک جا ئەو شێوازانە زۆرن کە رای گشتیی دروست دەکەن وەک، هزری سیاسیی سەرهەڵداو یاوەکوو باوو ناودار، کە یا بە ڕێگەی سەپاندنە(جا ئەو سەپاندنە بە زەبرو زەنگ بێت یا بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو پیاهەڵدان بێت) یا بە ڕێگەی بەڵێن و گفتی رتووشکراو، یاخود دروشم و ئامانجی سەرنجڕاکێش و باقوبربقەدار، یا بە بەخشینەوەی پارەوپوول و بەرتیل و ئیمتیازات بێت کە دیارە ئەم میتۆدو شێوازانە زۆربەی هەرەزۆری کە دەبێتە دروستکردنی رای گشتیی لەو کۆمەڵگاو وڵاتانەدا رووەدەن کە پاشکەوتوون، یانەخوێندەوارن، یاسۆزو هەستیاری

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library